## سینەماکارو فۆتۆگرافەر (هیوا ئەمین نەژاد):

# سینەمای دیکۆمێنت دەتوانێت کورد بناسێنێت



دیداری: شۆڕش محەمەد حسێن

یەکێك لەو گەنجە فۆتۆگراف و سینەماکارە بەئەزمونانەی کە لەڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ناوێکی دیارە هونەرمەند (هیوا ئەمین نەژاد)ە.

"هیوا ئەمین نەژاد" خاوەن دونیابینی و تێڕوانینێکی ئێستاتیکایانەیە بۆ هونەری فۆتۆگراف و سینەماو خۆی وتەنی "هونەری عەکاسی یاخود (فۆتۆگرافی) بەدایکی سینەما دەزانێت"، ئەوەی کە لەگفتوگۆکردندا لەگەڵ (نەژاد)ی زۆرتر سەرنجت رادەکێشێت ئەو باکگراوەندە رۆشنبیرییەیە کە بەرامبەر هونەری سینەما هەیەتی لەگەڵ وتنی ئەو شتانەی کە لەلای ئەو راستین و بێ رتوش دەریدەبڕێت بەبێ ئەوەی گوێبداتە ئەوەی کە کێ لەخۆی زویر دەکات؟!

بەڕێکەوت لەسلێمانی و لەئۆتێل ئاشتی بینیم و بەدەم قسەکردنمان لەسەر هونەری سینەما ئەم دیدارەم لەگەڵ سازکرد:

***ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین تۆ زۆرتر لەبواری فیلمی دیکۆمێنتیدا کاردەکەیت و ئەم جۆرە هونەرەش لەلای ئێمە هەژاری پێوەدیارە، پەیامی فیلمی دیکۆمێنتاری خۆی لەچیدا دەبینێتەوە؟**

–من خۆم حەزناکەم لەناواخنەکەیدا ببەسترێمەوە، بەواتای ئەوەی بەفیلمسازێکی سینەمای دیکۆمێنت بناسرێم. بۆ خۆم لەلای خۆم ئەوە مەوزوعە کە فۆڕمم بۆ دیاری دەکات، من مەوزوع هەیە دەچم کاری درامای لەگەڵ دەکەم و مەوزوعیش هەبووە کاری دیکۆمێنتم لەگەڵ

کردووە، ئەو شتەی زیاتر بەلای منەوە گرنگە سینەمای دیکۆمێنت جوان پێناسەو وێنا نەکراوە لەکوردستاندا، بابەتەکان لەکوردستاندا مەوزوعایەکن کە من هەستدەکەم زیاتر بەسینەمای دیکۆمێنت دەتوانین لەسەری ئیش بکەین، ئەوەیە کە حەزمکرد بەنمایشکردنی فیلمەکانم‌و ئەو باسانەی کە لەسەر سینەمای دیکۆمێنت دەکرێت ،ئەم ژانرە لەسینەما باشترین ژانری هونەری حەوتەمە کە باشوری کوردستانی پێ بناسرێت، چونکە من هەر لەسنوورەوە کە هاتوومەتە باشوری کوردستانەوە بەردەوام لەگەڵ بابەتدا دەرگیربووم، بەڵام بەداخەوە فیلمسازێکی موستەنەد لێرە نابینم کە زۆر جددی‌و کەسێکی کە سینەمای دیکۆمێنت بناسێت‌و هەڵە نەکات لەگەڵ ڕیپۆرتاژو دیکۆمێنتی تەلەفزیۆنی بەڵکو سینەمای دیکۆمێنت بناسێت، دەبینم کارناکەن‌و ئەمە قسەی زۆرێك لەفیلمسازەکانی ئێرە بوو کە من فیلمێکم لەسلێمانی سازکرد کە من هاتم سازمکرد وتیان چۆن تۆ لەتارانەوە هەستاویت بۆ بابەتێکی ئاوا سادەو ئاسایی کە بەلای ئێمەوە شتێکی وا نییە، بەڵام کاتێك کە خۆیان فیلمەکەیان بینی بینییان کە ئەوە زهنی فیلمسازە کە دەتوانێت لەشتێکی زۆر سادە شتێکی باش دروست بکات. کەواتە لەسینەمای دیکۆمێنتدا سیناریۆو تەکنیك زۆر گرنگە نەك ئەوەی تەنها تۆ بچیت بابەتێك بێنیت‌و وێنە بگریت بەڵکو ئەو فۆڕمەی کە بۆی دیاری دەکەیت‌و ئەو تەکنیکانەی کە لەشێوەی ریوایەتی فیلمەکەدا بەکاری دەهێنیت لەسینەمای دیکۆمێنتدا زۆر گرنگەو هەر ئەو خاڵانەشە کە سینەمای دیکۆمێنت لەگەڵ فیلمێکی ڕیپۆرتاژی یان فیلمێکی تەلەفزیۆنی جیادەکاتەوە.

***گرنگی ئەم جۆرە لەفیلمی دیکۆمێنتی بۆ میللەتێکی وەك کورد لەچیدا خۆی دەبینێتەوە؟**

–ئەمڕۆ کە بینەرانی سینەمایی دونیا زیاتر دێن فیلمی دیکۆمێنت دەبینن، ئەمە لەشوێنهایەکە کە سینەمای دیکۆمێنت ناسراوەو جوانیناسیەکانی سینەمای دیکۆمێنت دیاریکراوەو بینەرانی بۆ پەروەردە بووە، مەبەستیشم ئەمریکاو ئەوروپا و وڵاتانی پێشکەوتووە کە چەندین بایەخ بەسینەمای دیکۆمێنتی دەدەن. ئەمڕۆکە کە بینەرێکی ئەمریکایی یان ئەوروپایی حەزناکەن کە تۆ داستانێکی دەرەجە سێ بێنیت بۆی بکەیت بەفۆتۆ رۆمان، واتا تۆ رۆمانێك بهێنیت بیکەیت بەوێنە، نە مەجالی ئەوەی هەیە نە تاقەتی ئەوەی هەیە نە حەز بەتەسەنوع دەکات لەژیاندا کە بێت دابنیشێت بەدیارییەوە، ئەو لەگەڵ سینەمای خۆیدا لەگەڵ سینەمای هۆلیۆددا غەریبەو حەز بەبینینی ناکات. ئەوەیە کە تینوێتی ئاگاداری لەو جیهانەی کە تیایدا دەژی بۆ ئەو زۆر زۆر گرنگترە ،بۆ ئەو زۆر زۆر گرنگترە کە بزانێت کورد کێیە؟ تا ئەوەی فیلمێکی حیکایەتی کوردی ببینێت‌و هیچ زانیارییەکی لەسەر کورد نەبێت. ئەو حەز دەکات بزانێت ئەنفال چییە؟ چۆن رویدا؟ چی بوو؟ تا ئەوەی لەدایەلۆکێکدا لەفیلمێکی کوردیدا باسی ئەنفال بکرێت.بۆیە بەبڕوای من کورد خۆی نەناساندووەو سینەمای دیکۆمێنت دەتوانێت کورد بناسێنێت.

لەدەرەوە کورد خاوەنی سینەما نەبووە، ئێمەساڵەها لەئێراندا فیلمسازانی فارس دەهاتن ئێمەیان دەناساند بەوەی کورد پیاوێکی سمێڵ زلەو خەنجەرێکی لەبەر پشتێنەو شەش حەوت ژن‌و عەشیرەتی هەیەو کوردیان بەڕوخسارێکی ناشرین

پیــشان دەدا بــەڵام لــەو ڕۆژەوەی کــە کــوڕانی ڕۆژهەڵات بوونە خاوەنی "سینەماو کامێرا" هاتن کوردستانیان پێناسە کردو ئەمڕۆ دەبینیت من هەست دەکەم کە ئیتر ناسیۆنالیزمێکی بەرابەری لەڕۆژهەڵاتدا بڵێین" فارسێك یان تورکێك" نایەت بەرەحەتی بەو جۆرە کورد بکوژێت چونکە فیلمی دیکۆمێنتی کوردی بینیوەو دەبینێت کورد چەند هەژارە ،کورد چەندە ناسکە، جوگرافیاکەی چەندە جوانەو چەندە نۆستالۆژیایەکی گەورەی لەلایە. ئەگەر بێت کوردیش بکوژێت دەبێت نرخێکی زۆری بۆ بدات . لەبەر ئەوە من هەست دەکەم کورد نەیتوانیوە خۆی خۆی پێناسە بکات بەڵکو لەدەرەوە هاتوون و زۆر بەهەڵە فیلمیان لەسەر کردووین.

لەملاشەوە ئێمە "کەلتوروفۆلکلۆر" و کۆمەڵێك شتی گەورەمان لەلایە کە ئەمانە من هەست دەکەم دنیای دەرەوە تینووی زانینی ئەم شتانەن کە ئەمە لایەنێکی بابەتەکەیە، لایەنێکی تری ئەوەیە کە سینەمای دیکۆمێنت سینەمایەکی رەخنەگرە، من لەم ماوەیە ماوەی ئەم بیست ڕۆژە کە لەباشوری کوردستان بووم هەستم بەگەندەڵییەکی زۆر کرد، هەستم بەبیرۆکراسیەتێکی زۆر کرد، من بۆ نمایشکردنی ئەم فیلمانەم ئەوەندەم نامەو نامەکاری بینی کە پێم وا بێت لەلای ئێمە کاری دوو سەعات بوو بەڵام لێرە دە ڕۆژی خایاند!!، ئەو موافەقەتی دەکرد ئەو نەیدەکرد ئەو ئیمزای دەکرد ئەو نەیدەکرد، بەداخەوە من فیلمسازێکی موستەنەد نابینم کە بێن ڕەخنەبگرن لەدەسەڵات لەنەریتە ناشرینەکانی کۆمەڵایەتی، من ئەو هەموو لاوە دەبینم کە سەرگەردانی شتە ڕەوانیو دەرونیەکانی خۆیانن، هێشتا زۆر شتی سادەی وەك ئێرۆتیك ئەوانە هەر نەبووە لەلایان و ئەم شتانە لەڕێگەی سینەمای دیکۆمێنتەوە دەتوانیت ڕەخنەی لێ بگرێتو شی بکاتەوە، بەڵام بەداخەوە من لێرە نە دەسەڵات وەك مانای دەسەڵات بینی نە هونەرمەندو روناکبیرم وەك مانای هونەرمەندو روناکبیر بینی، چونکە هەستم کرد ئەوانەی کە لێرە کاری سینەما دەکەن زۆربەیان کارمەندی ئیدارەکانن تا هونەرمەندانێکی سەربەخۆ کە بتوانن بەئازادانە ڕەخنەبگرنو فیلمێکی دیکۆمێنتی پڕ جەسارەتو ڕەخنەگر دروست بکەن. من هەست دەکەم ئەگەر لێرە فیلمسازانێکی ڕەخنەگر هەبێت ڕەنگە زۆرێك لەو مەسائیلانەی کە ئێستا کوردستانی باشور لەگەڵیدا لەقەیراندایەو گەندەڵیو بێتاقەتی بێنێت شیبکاتەوەو دیالۆگ لەگەڵ دەسەڵاتدا دروست بکات .

***باست لەمەسەلەیەکی گرنگ کرد، مەسەلەی خۆناساندن. ئایا تۆ پێت وایە هونەرمەندانی کورد لەڕێگەی بەرهەمی هونەرییەوە ئەو گرفتو کێشانەو دواجار خۆیان ناساندبێ بەکەسانی غەیرە کورد؟**

–ئێمە ئەبێت لەپێشدا لەگەڵ واقعێکدا تەرەف بین، واقع ئەوەیە کە سینەما زۆر درەنگ هاتووە بۆ لای ئێمە، بەگشتی پێم وایە دە ساڵێکە کورد بۆتە خاوەنی سینەما وەکو لەولاوە تەماشا دەکەیت ئێران (120) ساڵە خاوەن سینەمایەو سینەماکەی بۆتە سینەمایەکی جیهانی. بەڵام خۆی کورد لەم 10 ساڵەدا زۆر هەنگاوی خێرای هەڵهێناوە، ئێستا هەندێك لەفیلمسازانی کورد وەك فیلمسازێکی جیهانی ناسراوە دەتوانم بەڕاشکاویش ئاماژە بە(بەهمەنی قوبادیو هونەر سەلیم) بدەم کە ئەمانە ئیتر لەقەوارەی هونەرمەندێکی ناوچەیی چونەتە دەرەوەو بونەتە هونەرمەندانی جیهانیو کوردیان

ناساندووه، ئەوەی کە ئەمان تا چەندە بوێرانەو ژیرانە توانیویانە یان بەڕوویەکی سایکۆلۆژیو کۆمەڵایەتییەوە بەباشی کورد بناسێنن ئەمە خۆی جێگای لێکۆڵینەوەیە.

من هەست دەکەم لەکاری فیلمسازەکاندا کەمتر جوانیەکانی کوردستان، کەمتر فەرهەنگی کورد، کەمتر مێژووی کورد رەنگ دەداتەوە، بەڵکو بەتەنها کارەساتی کورد رەنگ دەداتەوە کە من خۆم کە لەچەندین فێستیڤاڵ بووم هەست دەکەم کە ئەو مەوزوعانە خەریکن تەواو دەبن، ئێستا ئەوروپا چاوەڕوانی ئەوە دەکەن کە بزانن تەکنیکی فیلمسازێکی کورد چیە؟ شێوەی روانینی بۆ سینەما چیە ؟کە جیای بکاتەوە لەفیلمسازانی وڵاتانی تر. ئەودەمە ئێمە دەتوانین بڵێین کە سینەمای کوردی هەیە کە بتوانێت پێناسەی خۆی بکاتو خۆی جیابکاتەوە لەسینەماکانی تر. من هەست دەکەم ئەوە هێشتا لاوازە، بەڵام بەردەوام خەریکی چالاکین، من زۆر خۆشبینم لەحەرەکاتایەك بەتایبەت لەڕۆژهەڵاتو لەباکوری کوردستان دەکرێت. من کە لەفێستیڤاڵی "رۆژی ئامێد" بووم زۆر فیلمی باشم بینی کە لەوێش وای بۆ دەچم خەریکن باش هەنگاو دەنێنو فیلمسازانێکی وەکو (کازم ئۆزلۆ)و ئەوانم بینی کە هەم دیکۆمنێتایەکی جوان هەم هەستم کرد کە سینەما دەناسن.

***باست لەبەهمەنی قوبادی کرد، دەرهێنەری سینەمایە "جانۆ رۆژبەیانی" لەچاوپێکەوتنێکدا دەڵێت کە" فیلمەکانی بەهمەن کە لەئەوروپا نیشان دەدرێت بینەری کورد شەرم دەکات کە بڵێت ئەوە فیلمێکی کوردییە" چونکە بەبڕوای"جانۆ" بەهمەن کورد وەك قەرەجێك نیشان دەدات، ئایا تۆ تا چەند لەگەڵ ئەم قسەیە تەبایت؟ ئایا بەهمەنی قوبادی توانیویەتی بەناخی قولایی کێشەو گرفتەکانی کورددا رۆبچێتو کورد وەکو نەتەوەیەکی باش نیشانی دەرەوە بدات؟**

–من پێم وا بێت هەردوولایەنەکە خۆی تەماشاکردنێکە بەفیلتەرەوە ،نەقسەکەی کاك جانۆم بەتەواوی پێ راستە نەکارەکانی کاك بەهمەنیش تەواو پێ دروستە. خۆی ئەمە هەڵەیە ئەگەر بڵێین دەبێت فیلمسازەکەمان رەخنە لەکورد نەگرێت، بۆ نموونە بەمنیان وتووە چۆن لەفیلمەکەدا کابرایەك میزدەکات؟ بۆ پیاوی کورد میز ناکات؟ پێم وابێت زۆر زۆر خراپتریش هەیە لەوەی کە لەفیلمەکانی ئەودا هەیە. بەڵام من هەست دەکەم رەنگە ئەمە زوو بێت ،من وای بۆ دەچم کە فایلاتێکی تر لەکوردستاندا هەیە کە نیشان نادرێتو کاری لەسەر ناکرێتو ئەمەش روبەڕوی کاك بەهمەنی قوبادی دەکەمەوە، هەڵبەتە من دیسان لەوەڵامی پرسیارەکەی پێشوودا ووتم کە ئێمە تازە خەریکە هەنگاو دەنێین و ڕەنگە کارەساتەکانیش ئەوەندە زۆر بەسەرماندا قەوماوون کە دووسێ فیلمسازی ناسراوو پرۆفیشناڵ کە هەمانە رەنگە فریابکەون کە ساڵانە فیلمێك یان دوو فیلم بکەن، پێدەچێت لەئایندەدا ئەوانیش باسی ئەو شتانەی تر بکەن. پاشان بڕیارنییە فیلمساز هەمموولایەنێك ببینێت ،لایەنەکانی هونەر هەمووی وایە بەنموونە تۆ دەبینی فۆتۆگرافەرێك بەتەنها سروشتو جوانیەکان دەبینێتو فۆتۆگرافەرێکی تر عەکسی رۆژدەگرێت.

***وەك خۆت دەزانیت سینەمای ئێرانی هەنگاوێکی زۆر باشی ناوەو لەفێستیڤاڵە نێودەوڵەتیەکاندا ئامادەبونێکی باشی هەیە، تەنانەت زۆر جار لەنێو فیستیڤاڵە جیهانیەکاندا**

**خەلاَتی پی‌دەدریَت، زۆریَك لەرەخنەگران پیَیان وایە كە بردنەوەی سینەمای ئیَرانی لەناو فیَستیڤاڵەكاندا بۆ ئەوە دەگەریَتەوە كە ئەم سینەمایە مامەڵەی لەگەڵ هەستو سۆزدایە، تۆ نهیَنی سەركەوتنی فیلمی ئیَرانی بۆچی دەگەریَنیتەوە؟**

-خۆی ئیَران ولاَتیَكە هەمیشە كانگای هونەر بووە ئیَران ولاَتیَكە كە (حافز، مەولەوی، سەعدی، خەییام) ی تیَدابووە ،واتا ولاَتیَكە كە هەمیشە لەگەڵ هونەرو جوانی لەمامەڵەدا بووە، من ناتوانم كاتیَك فیلمەكانی "كیارۆستەمی"دەبینم بیری حافز بیری شاملۆ بیری فروغو چەندینی تر نەكەمەوە، ئەو پیَناسەی كە لە رۆژهەلاَتی زەمین ،لەرۆژهەلاَتی جیهان دەكریَت هەمووی جوانیەكانی پیَم وابیَت لەئیَرانەوە دەست پیَدەكات .كە ئەمە ئەو شتەیە كە دایەلۆگ دەكات لەگەڵ سینەمای رۆژئاوادا، كەسینەمایەكی "خەشن وئەكتیو و ریتمیَكی خیَراو ماندوكەری" هەیە، رۆژئاوا كاتیَك لەپەنا ئەودا فیلمیَكی ناسكی وەكو (باران)ی مەجید مەجیدی نیشان دەدریَت ئەو كۆنتراكستە دروست دەكاتو بینەرەكانی تر ئاوریَك لەو دەدەنەوە، چونكە خۆیان ماندوبوون لەو ریتمە خیَراییو لەو فیلمانەی كە پر لەئكشنو توندوتیژین، لەبەرئەمە من هەست دەكەم كە سینەمای ئیَرانی قسەیەكی پیَیە لەئاستی جیهانیدا، ئەویش ئاوردانەوەیە بۆ عیرفانو جوانیەكانو ناسكیەكان، بۆ شیعرو مۆسیقا، هەر بەوەیە توانیویەتی كە بینەری خۆی پەیدا بكاتو وەك تۆ وتت فیَستیڤاڵی گەورە نیە لەجیهاندا كە چەند فیلمیَكی ئیَرانی هەڵنەبژیَریَتو لەنیَو ئەو چەند فیلمەشدا خەلاَت نەدات بەفیلمیَكیان.

***لەنیَو ئەو رەوتەی فیلمی سینەمای ئیَرانیدا، پیَگەی سینەماكارانی كورد چەندە، ئەو فیلمسازە كوردانەی كە لەرۆژهەلاَتی كوردستاندا ئامادەبوونی باشیان هەیە لەو رەوتە كیَن؟**

-سینەما وەكو نیگاتیڤ وەك فیلمی 35ملم ئیتر بەبۆنەی ئەوەوە كە سەرمایەیەكی زۆر گەورەی دەویست كەوتبووە بەردەستی فیوداڵیەكانی (دەرەبەگەكانی) سینەما كە بواریان نەدەدا هەموو كەسیَك كاربكاتو رەنگە ئاواتی لەمیَژینەی سەدان فیلمساز بوبیَت كە سەریان نایەوەو نەیانتوانی فیلمیَك دروست بكەن، چونكە جیهانی سەرمایە مۆڵەتی ئەو كارەی پیَ نەدەدان. بەلاَم دوای ئەوەی كە سینەمای دیجیتاڵ هات كامیَرای كردە قەڵەمو گەیاندییە ئەو تیَزەی كە (ژان لۆگۆدار) وتی" سینەما بووە قەڵەمو لەگیرفانی هەمواندایە، بەلاَم چەند كەس دەتوانن ببنە فیلمساز وەك چۆن قەڵەم لەگیرفانی هەمووماندایە، بەلاَم چەند نووسەرمان هەیە كە بتوانن كاربكەن "،ئەم شتە بووە هۆی راپەرینو سەرهەڵدانی شەپۆلیَكی نویَ لەلای لاوانی تەواوی ئیَرانو بەتایبەت لەرۆژهەلاَتدا . ئەمرۆكە بەدانپیانانی زۆربەی فیلمسازانی گەورەی ئیَرانی سینەمای كوردی سینەمای هەرەمەزنو جیَی ئومیَدی سینەمای ئیَرانە، كورانی رۆژهەلاَت لەتەواوی فیَستیڤاڵەكانی ئیَراندا ئامادەبونیَكی باشیان هەیەو هەر فیلمسازە كوردەكانن كە زۆرترین فیلمەكانیان هەیەو باشترین خەلاَتەكان وەردەگرنو تەنانەت لەئیَستادا بۆتە حەساسیەتیَكو خەریكن پیَی نارەحەت دەبن كە كورد بەو هەموو بابەتو بەو هەموو فیلمە جوانەوە دیَن ئامادەبونیَكی ئاوا هوشیارییان هەیە. راستە رەنگە دنیای تەبلیغاتو ریكلام كاریَكی وای كردبیَت بەتەنها ناوی كاك "بەهمەنی قوبادی" دیاربیَت، بەلاَم لای ئیَمە زۆر فیلمسازی تر هەن كە زۆر خەلاَتی باشی جیهانی

وەردەگرن‌و زۆر لەڕووی جوانیەوە کاردەکەن‌و فیلمەکانیان جێگەی تێڕامانن‌و ئەوانەش ئەو نەسلەن کە ئیتر حەزدەکەن جوانیەکانی کوردستان نیشان بدەن‌و فەرهەنگی کورد نیشان بدەن‌و کورد بەجوانی پێناسە بکەن.

***ئەم هاتوچۆیەی نێوان فیلمسازانی رۆژهەلاتی کوردستان‌و باشوری کوردستان ئەمانە تا چەند دەتوانێت ئەو فیلمسازانە ئاشنا بکات بەئێمەو مەرجی بەردەوامی ئەم جۆرە پەیوەندیانەو ئاڵوگۆڕە هونەریانە چییە؟**

—مەرج ئەوەیە کە فەزای روناکبیری حاکم بێت بەسەر مەسەلەکەدا، ئەو ناوانەی کە زۆر مەترەحن دەسەلاّت خەریکە مەترەحیان دەکات‌و ئەوانیش فیلم بۆ دەسەلاّت دروست دەکەن ،من پێم وا بێت ئەوانەی کە زۆر مەترەحن دێن دوو هونەرمەند نابینن لەباشور بەڵکو دێن دەسەلاّت دەبینن، سەرۆك دەبینن، بەلاّم ئەگەر فەزایەکی روناکبیری هەبێت هونەرمەند لەڕێگەی یەکترەوە یەکتری بناسن‌و کار بۆ یەکتر بکەن، ئەوا کارەکە باشتر بەڕێوەدەچێت. بەلاّم بەداخەوە لێرە هەم هونەرمەندەکان خۆیان وا هەست دەکەم کە زۆر وابەستە بەسیستمەکەیانن‌و رەنگە سەخت بێت بەلاّم ئەوەی لێرە دیومە دەیڵێم، لێرە من هونەرمەندێکی بەتەواو و بەواتای واقعی هونەرمەند نەبینی بەڵکو من کارمەندو مۆزەفم بینی تا هونەرمەندێك کە سەربەخۆ بێت، تاهونەرمەندێك بیربکاتەوەو کاربکات. نازانم ئەمە کێشەیەکە کە دەبێت لێرە دروست بکرێت، ئەم کێشە رەنگە بەتەنها لێرە هەبێت، ئەگینا من کە فیلمم چوو بۆ لەندەن چووم بۆ ئەویّ پێویست نەکراوە نە حوکمڕانێکی لەندەنی ببینم‌و نە هیچ دەسەلاّتدارێکی تری ئەویّ‌و ئەو هەموو میدیا جوان‌و ئەو هەموو هونەرمەندە جوانە هاتوون‌و لەڕێگەی کۆنتاکتەوە لەگەلّ وێب سایتەکەمدا لەگەلّ هەزاران کەسدا پەیوەندیم گرت بەبیّ ئەوەی دەسەلاّتێك ئامادەبوونی هەبێت.

بەلاّم لێرە ئەوە دەسەلاّتە کە هەندێك دەخاتە بەرچاوو هەندێکی تر نەڤی دەکاتەوە، یاخود تۆ ناچار دەکات لەڕێگەی ئەوانەوە کاربکەیت‌و ئەگەر ئەم مامەلاّنە نەزانیت ئەبێت بچیتە پەراوێزەوەو بەتەنها کاری خۆت بکەیت. ئەمە لێرەیە کە جوگرافیایەکی بچکۆلەیە، مەرج لەئاستی دنیادایە کە بزانرێت چ کەسانێك هەن کە کاردەکەن‌و کارەکانیان لەچ شێوەو ئاستێکدایە. من حەزناکەم هونەرمەندی ئێرە لەڕێگەی میدیاکانی دەسەلاّتەوە بزانێت کیّ کار دەکات، بەلاّم وەك چۆن ئێمە سەفەر دەکەین ئەوانیش پێویستە سەفەر بکەن‌و فیلمەکانیان بهێنن‌و فیلمەکانمان ببەن لێرە نیشانی بدەن. من پێم وابیّ پێناسەی هونەرمەندێك کارەکەیەتی نەك ئەو نازناوانەی تر کە دەیدەنیّ. بەواتای ئەوەی فیلمەکانمان پێناسەمانن تا ئەوەی کە پڕوپاگەندە پێناسەمان بکات. فیلمت نەبێت دەمریت، بەلاّم ئەگەر فیلمت هەبێت هەرگیز نامریت، رەنگە مەودایەك فەیدبیت، بەلاّم لەئایندەدا هەر بەتەنها فیلمەکانتە کە دەمێنێتەوە.




**دیمەنی یەکێك لەفیلمەکانی هیوا ئەمین نەژاد**